TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.24

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Sameer Abdulrahman Taher
Sameer.taher@su.edu.krd

# هونەرەکانی جوانکاری واتایی لەشیعرەکانی (پیرەمێرد)دا

**سمیرعبدالرحمان طاهر/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەریمی کوردستان،عێراق
**بکر شاکر عبدالله**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەریمی کوردستان،عێراق

RECEIVED :06 /06/2025
ACCEPTED :05/08/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

## پوختە

پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرانەی نێو ئەدەبی کوردی، کە شارەزایی و ئاشنایەتییەکی زۆری لە زانستەکانی ڕەوانبێژی هەبووە، لە نێویاندا (زانستی جوانکاری)، بۆیە لاکردنەوە لەم شاعیرەو دەرخستنی بەرهەمەکانی، هۆکارێکی باشە بۆ زیاتر دەرخستنی بەهرەکانی، بەتایبەتی لەبواریڕەوانبێژییدا، کە دەستێکی باڵای هەبووە، هەروەک لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەناوی (هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە شیعرەکانی (پیرەمێرد)دا)، کار لەسەر هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە شیعرەکانی پیرەمێرددا دەکات، ئەم جۆرەی جوانکاری گرنگی بە جوانکردنی واتا دەدات، وشەکان لەڕووی داڕشتن و دەربرینەوە جوان و ڕازاوە دەکات.

شاعیر شیعرەکانی لەئاستێکی بەرزی هونەریدان و پڕن لە زانستەکانی جوانکاری ڕەوانبێژی، بە تایبەتی (هونەرەکانی جوانکاری)، کە لەناو تێکستەکانی شاعیردا بوونیان هەیەو بەرچاو دەکەون. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا چەمک و پێناسەی جوانکاری لە هەردوو لایەنی چەمک و زاراوەییەوە باسکراوە، لە بەشی دووەمدا باسی هونەرەکانی جوانکاری واتایی کراوە، کە لە شیعرەکانی پیرەمێرددا بوونیان هەیە، کە بریتین لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی ( دژیەک، بەرامبەری، جێگۆڕکێ، تێلنیشان، کۆکردنەوە، لێککردنەوە، دابەش کردن، کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن، پێچەو پەخشە، جوانی بایس، گردکردنەوە، پەند بێژی، کۆپەند، داماڵین) پاشان بەچەند خاڵێک ئەنجامەکان کۆ کراوەتەوەو بە لیستێکی جوداش ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە کۆتایی بەم باسە هێنراوە
.

**وشە سەرەکییەکان:**
پیرەمێرد
زانستی جوانکاری
جوانکاری واتایی

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

جوانکاری یەکێکە لەو زانستە گرنگانەی ڕەوانبێژی، کە ئەدیب وشاعیران گرنگییەکی زۆریان پێداوە، یەکێکە لەو زانستانەی بەفراوانی لە نێو شیعری شاعیراندا دەبینرێت، بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیک، بەهاو نرخێکی تایبەتی لەچاو هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی پێدراوە، چونکە ئەو زانستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەهونەرەکانی جوانکارییەوە هەیە، وای لەشاعیر کردووە جوانکارییە ئەدەبییەکان لەنێو ئەو زانستەدا ببینێتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە دوو بەش، (جوانکاری وشەیی) و (جوانکاری واتایی)، لەم توێژینەوەیەدا کە هەڵێنجراوی بەشێکی نامەی ماستەرە، جگە لە کورتەیەک باسی (جوانکاری)، کە لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێداوە، لە بەشی دووەمدا باسی (جوانکاری واتایی)مانکردووە، ئەم هونەرە وا لە شاعیر دەکات بەدوای وشەو ڕستەی وابگەڕێت بۆ بەکارهێنانی شیعرەکانی هەڵیانبژێرێت، تاوەکو بەرهەمێکی جوان بخاتە ڕوو و سەرنجی گوێگرو خوێنەران بۆ شیعرەکانی ڕابکێشێت، شاعیران هەوڵدەدەن زیاتر ئەو هونەرە لە شیعرەکانیاندا بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان زیاتر بەهێز بکەن لە ناو زانستەکانی تری ڕەوانبێژیدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی(هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە شیعرەکانی (پیرەمێرد)دا)، لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بەتایبەتی کار لەسەر(جوانکاری)کراوە، لە دەرخستن و ڕاڤەکردنی هونەرەکانی جوانکاری و ناساندنیان، بە پراکتیزەکردنی هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانی(پیرەمیرد)ی شاعیردا، گرینگیدانیشمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر کەسێکی لێهاتوو و دەست ڕەنگین بووە لە هۆنینەوەی شیعردا، بەتایبەتی لەم بوارەدا، جگە لەمەش ئاوڕدانەوەیەکی زانستیشە لەم بوارەدا، ئامانجی سەرەکیش لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بتوانین گرنگترین هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە شیعرەکانی پیرەمێرددا بناسێنین و بەرجەستەیان بکەین، کاریگەرییان لەسەر جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقە شیعرییەکان لە ڕووی واتاوە ئاشکراو ڕوونبکەینەوە.

### 1-1 : زانستی جوانکاری :

زانستی جوانکاری بەشێکی گرنگی زانستەکانی ڕەوانبێژییە، ڕۆڵێکی گرنگ وبەرچاو لە جوانکردن وڕازاندنەوەی دەربڕین دەبینێت، ئەمەش لەڕێگەی دروستکردنی وشە، کەبەشێوازو ڕێگەی جۆراوجۆر دەسازێنرێت وەبەرهەمدەهێنرێت، جوانکاری لەدەربڕیندا لە قۆناغەجیا جیاکان لەلایەن نووسەرو شاعیران هەمیشە گرنگی پێدراوە، بۆئەوەی بەرهەمەکانیان زیاتر بەرچاو بخەن و سەرنجی بەرامبەرەکانیان بۆخۆیان ڕابکێشن، ئەگەر سەیری ئەوقۆناغانەی پێشتر بەتایبەتی قۆناغ و سەردەمی بەرهەمی کلاسیک بکەین، بیرو تێرامان لەو سەردەمەدا گەیشتۆتە چلەپۆپەی گەشەکردن، لەزۆربەی بەرهەمەکانیان گرنگی بەلایەنی جوانیناسی و ڕەنگدانەوەی ڕیتمی مۆسیقی لە بەرهەمەکانیان دراوە، ئاواز (مۆسیقا) بەشێکە لە پێکهاتەی جوانیناسی و ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی شیعر، چونکە لەڕاستیدا شیعر ئاخاوتن وقسەکردنێکی ئاوازییەو هەست وسۆز دەبزوێنێ، زۆربەی شاعیرانی کورد لەشیعرەکانیاندا گرنگییەکی تایبەتیان بەمجۆرە ئاوازە شیعرییە داوە، بەم بەهرە وەرگرتنە لە ئاوازی ناوەوەو دەرەوەدا، جوانییەکی تایبەتی بەشێوەو ناوەرۆکی شیعرەکان بەخشیوە، مرۆڤ سەرەتا بەهۆی سروشتەوە جوانی ناسیوەو بوەتەهۆی جوڵاندنی هەستەکانی، هەروەک ئاشکرایە بەدرێژایی مێژوو ئەوانەی باسیان لە جوانی کردووە زیاتر بەپێی ئەو ڕێبازو فەلسەفەیەی باوەڕیان پێیبووە، لەم گۆشەنیگایەوە زاراوەی جوانییان پێناسەکردووەو لێکدانەوەیان بۆ هەبووە، هەرچەندە نەتوانراوە پێناسەو لێکدانەوەیەکی تەواو بخرێتە ڕوو، چونکە خودی چەمکی جوانی ڕێژەییە، بۆیە دەکرێت بەدوو شێوەو جۆر سەیری جوانی بکەین، ئەوانیش جوانی (سروشتی و هونەری)، هەرچی جوانی هونەرییە، هۆکاری ئەفراندنی سۆزوخۆشییە، هەروەک دیارە چەمکەکان بەگشتی وچەمکی جوانیش بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤ، کۆمەڵگە، جۆری ژیان وبیرکردنەوە، چەمکی جوانیش دەگۆڕێ ولێکدانەوەی تازەی بۆ دەکرێ، هەر بۆیە نووسەران وشاعیران بەگشتی گرنگی وبایەخی زۆر بەلایەنی جوانکاری بەرهەمەکانیان دەدەن وتەنانەت هەندێجار بەرهەمەکانیان تەنیا لە پێناو پێشکەشکردنی بەرهەمێکی جوانی پڕ لە جوانکارییە، یەکێک لەو کەرەستانەی کەلە ئەفراندنی جوانیدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە (زمان)ە، چونکە زمان لەدەقێکی شیعرییدا بە ئیلهامێکی سحراوی بەرجەستە دەبێت و دێتەبوون، چونکە شیعر دەربڕی هەمووئەو هەست ونەست وسۆزو خەیاڵانەیە کەلە قولایی ناخی شیعرێکدا پەنگی خواردۆتەوەو بەزمانێکی هونەری دەردەبڕێ، شیعر دنیای خەیاڵاوی شاعیرە کەلەناخی

هـەڵـدەقوڵـێ ولـەفـۆڕمی وشـەو زمـانـدا دێـتـە بـوون، دیـارە یـەکـێـک لەئامانجەسەرەکییەکانی شاعیرلەبەرهەمهێنانی شیعرەکانیدا، نواندنی لێهاتوویی لە ئەفراندنی جوانی ویاریکردنە بە وشەو بەکارهێنانی زمانێکی تایبەتی پڕلەهێماو وێنەی شیعرییە، ئەمانە هەموو بەیەکەوە، وێنەیەکی ڕوونی جوانکاری شیعرییمان پێدەبەخشێت. نووسەران وئەوانەی لەم بوارەدا کاردکەەن ڕاو بۆچوون وپێناسەی جیا جیایان بۆ هونەری جوانکاری کردووە، کە لێرەدا ئاماژە بە ڕاو بۆچوونی هەندێکیان دەکەین.

## 1-1-1 :چەمک و پێناسەی جوانکاری

جوانـکـاری بە یەکـێـک لە بنەڕەتەکـانـی زانسـتـی ڕەوانبێژی دادەنـرێـت و یەکێکە لە سێ زانستەکەی ڕەوانبێژی، لـە زمـانـە جـیـاوازەکـان و فـەرهەنگەکاندا، وشەی جوانکـاری بەمانای جیاواز هـاتووەو باسـکراوە، بەهـۆیـەوە لە لایـەن زانـایـان وشـارەزایـانـی ئـەوبـوارە پێناسـەی جیاوازیشی بۆکراوە .

**1-1-1-1: جـوانکـاری لـەڕووی زاراوەوە:**_لـەوشــەی (بـدیـع) ی عــەرەبییەوە هـاتـووە، بـریتیە لــە: ((نـوێ داهێنراو، نـەلـەســەرنـمــوونــەیــەکـی پـێشوو نە شوێن پێهـەڵگرتنی شتێـکـی پـێـشـوو)) واتـە: بریـتییە لە ((شـتـی داهـێـنـراو))، بـەمـەرجـێـک شـتـەکـە ((بـۆ یـەکـەمـجـار داهێنرابێت))(عەبدوڵلا، 2011، 222).

خـوای گـەورە لـە قـورئـانـی پـیـرۆزدا، لە ئایەتی/ (117)ی سـوڕەتـی (الـبقرة)دا، دەفـەرموێـت: ((بديع السموات و الأرض وإذا قـضـى أمـرا فإنما يقول له كن فيكون)).واتە: خودا بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە بەجـوانترین شێوە، جا هەرکاتێک بڕیاری هەر شتێک بدات، تەنها ئەوەندەی بەسە، کەفـەرمـانی بوون، یان پێشهاتـنی بدات، ئیتر خێرا ئەو شتە، یان ئەو کارە دەبێت و ئەنجام دەدرێت.

لە زمانـی عـەرەبیدا زاراوەی (الـبدیـع) لە بەرامبەر وشـەی (جـوانکـاری)دا، هاتووە، لە فەرهەنگی (لـسـان العرب)دا، بە واتای (داهێنانی شت) هاتووە (المصری، 2004، 38) .

جوانکاری ناوێکی واتاییە، پێکهاتووە لە ئاوەڵناوی بکەری لێکدراوی (جوانکار) و (ی)، کە وەک پاشگرێکی دروستکردنی ناوی واتایی هـاتـۆتە سـەر (جوانکاری) ئـاوەڵناوو (ناوە واتایی)یەکەی لێ دروستکردووە، کـە(جـوانکـاری)یـە، بەسـەر یـەکـەوە، واتـە: ئەوکـارە جوانانەی هەرکەسێک لەبواری پسپۆڕی خۆی ئەنجـامیان دەدات ...بەڵام لە ڕەوانبێژییدا، لای کـوردو عـەرەب، جـوانکاری واتایەکی تر دەگەیەنێت، ئەویش: ئەو زانستەیە، ڕووە جوانەکانی دەربڕینی پێدەناسرێتەوە (عەبدوڵڵا،2012، 12)، لە فـەرهـەنـگـی (هــەنـبـانــە بـۆریـنــە)ی هـەژاریشدا جوانکاری بەدوو واتا هاتووە:

أ-ڕازێنەوە، بووک جوانکەر ب-دەست ڕەنگین، بە هونەر (هەژار، 1991، 185)

**1-1-1-2 : جـوانکاری لـەڕووی چەمکەوە :** قەزوینی، لە پێناسـەی جوانکاریدا، دەڵـێت: (زانسـتـێـکـە ڕێگـاکانـی جـوانـکـردنـی گوفتار ڕێک دەخات، بەلەبەر چـاوگـرتنی پێویستی دەوروبـەری ئـاخـاوتـنـەکـەو ڕوونی ئـامـاژەکـانـی، ڕێگاکانیش دوو جۆرن، جـۆرێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر واتا، جۆرەکەی تریشیان دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕین) (القزوینی، 2004، 333)، جەلالەدینی هەماییش لە ئەدەبی فارسی پێناسەی بۆ جوانکاری کردووە، دەڵێت: (لە زاراوە ئەدەبیەکەیدا، بریتیە لە: ڕازاندنەوەو جوانکردنی وتە یان ئاخاوتێک، کە لە ڕووی ڕێـزمـانـیـەوە دروست بێت و هـەڵـەی تێدا نەبێت و لەکات و سات وشوێنی دیاریکراودا بگوترێت و کاریگەری هەبێت) (همایی، 1386، 9)، دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵاش دەڵێت: ((زانسـتێکە بەهـۆیـەوەی ئـەو ڕووو وسـیـفـاتـانـە دەناسرێنەوە، کە وا دەکەن گـوتە بـاش و پـەسـنـدکـراوبێت، ئەمـەش دوای ڕەچـاوکـردنـی وەکـیـەکـی لە سروشـتـی حـاڵ وڕوونی گوزارشتـکـردنـەکـەی، بەدوور لـە ئـاڵــۆزی واتایی)) (عەبدوڵلا،2011، 223).

شـارەزایـانی ئەم بوارە چـەنـدین ڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر ئەم هونەرە داوەو پێناسەی جـیـاوازیـان لـەو بارەیەوە بۆکردووە، عەزیز گەردییش لەبارەی هونەری جوانکارییەوە، دەڵێت: ((جوانکـاری بـەشێوەیەکی گشتی لەو ڕەگەزو دەستورانە دەدوێ، کەلایەنی هونەری وجوانی ئەدەب ڕوون دەکەنەوە، ئەویش دوولایەنی هەیە، یان دوو جۆرە هونەری نواندنی جوانکاری هەیە:

1-تایبەتی یە بەلایەنی ڕوخسارو شێوەی ئەدەبیەوە.

2-لەو جوانی یە دەدوێ کە لەناخی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبیەوە هەڵدەقوڵێ و دونیای ئەدەبەکە دەڕازێنێتەوە)) (گەردی، 1975، 5)، (عەبدولسەلام سالار عبدالرحمان)یش، لە پێناسەی جوانکاریدا دەڵێت: (( جوانکاری زانستی ناسینی ئەو ڕووە تایبەتیانەیە، کە قسە جوانتر دەکەن، دوای ئەوەی، کە لەگەڵ باری پێویستدا بگونجێ)) (عبدالرحمان، 2000، 135).

کەواتە: جوانکاری ئەو زانستەیە، کە گرنگی بەجوانی و ڕوونی واتا دەدات، بەهۆیەوە جوانی وشەو ئاخاوتنەکانی پێ دەناسرێتەوە .

بەشێوەیەکی گشتی، لای تەواوی ئەونووسەرو ئەدیبانەی لەبارەی جوانکارییان نووسیووە، هەرهەموویان بابەتەکانی جوانکاری بۆ دووبەشی سەرکی دابەش دەکەن کە بریتین لە: یەکەم: جوانکاری وشەیی. دووەم: جوانکاری واتایی هەریەک لە جوانکاری وشەیی و جوانکاری واتایی چەندین جۆر هونەری جوانکاری سەربەخۆ لەخۆ دەگرن، کە بەهۆیانەوە هونەرەکانی جوانکاریی زەق و بەرچاو دەبن.

## 2- جوانکاری واتایی :

بابەت و باسێکی سەرەکی وگرنگی جوانکارییە و گرنگی بە جوانکردنی واتا دەدات، ئەم جۆرەی جوانکاری، وشەکان لە ڕووی داڕشتن و دەربرینەوە جوان و ڕازاوە دەکات، بۆ ئەوەی واتاکەی جوانتر بە خوێنەرو گوێگر بگات، ئەویش: ((ئەوەیە کە جوانکردنەکە تیایدا بە زۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەندێکیان بە واتای جوانکردنی دەربڕینیش دێن، نیشانەکەشی ئەوەیە، ئەگەر دەربڕینێکی دەقەکە بەهاو واتاکەی گۆڕدرا، جوانکارییە ئاماژە بۆکراوەکە ناگۆڕێت، چونکە مەبەست لەم جوانکارییە جوانکردن و باشکردنی مانایە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ٢٩٢)، ئەم جۆرەشیان ژمارەیەکی زۆر لە هونەرەکانی جوانکاری لەخۆ دەگرێ لەوانە: (دژیەک، بەرامبەری، جێگۆرکێ، تێلنیشان، کۆکردنەوە، لێککردنەوە، دابەش کردن، کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن، پێچەو پەخشە ... هتد)، چەندین جۆری تری جوانکاری واتایی هەیە، کە گەلێک لە شارەزاو نووسەرانی ئەم بوارە باسیان لێوە کردووە، لێرەدا هەوڵدەدەین چەند جۆرێکی ئەم هونەرە لە شیعرەکانی پیرەمێرددا بخەینە ڕوو.

### 2-1 : دژیەک (الطباق) :

دژیەک هونەرێکی جوانکاری واتاییە، گەر دوو وشە لە ڕووی واتاوە دژو پێچەوانەی یەکتر بن، ئەمە دژیەکی پێ دەگوترێت، کەواتە: ((هێنانی دوو شتی نەگونجاوو دژ لە بەرامبەریەکدا دەوەستێنرێت و دوو جەمسەری هەیە، ئەمەش ڕادەی هەست و سۆزی شاعیر دەردەخات، کە بۆ وروژاندن بەکاری دەهێنێت، کۆکردنەوەی دوو وشەی دژ بەیەکەوە لە واتادا دەگەیەنێت)) (دزەیی،٢٠١٥، ١١٩)، یان دژیەک بریتییە: ((لە بوونی دوو وشەی واتا دژو پێچەوانەی یەک، جا ئەم وشانە لە فەرهەنگدا سەربەخۆییان هەبێ، یانیش دووەمیان نەریی یەکەم بێ، گرنگیش نییە دوو وشەکان، دووناو، یان دوو فرمان، یان دوو ڕاناو، یان دوو چاوگ، یان دوو ئاوەڵناو، یان هەرچییەک بن، لەیەک جۆردا بن، یان لە دوو جۆری لێک جیادا بن)) (عەبدوڵڵا،٢٠١١، ٢٩٤). (سەکاکی)یش هەر لە پێناسەی دژیەکدا دەڵێت: (ئەوەیە کە دوو وشەی دژ بەیەک کۆ بکرێنەوە) (٢٠١١، ٥٣٣)، زۆربەی ئەو پێناسانەی لەم بارەیەوە کراون لەسەر ئەوە کۆکن، کە دوو وشەی دژ لە واتا کۆبکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی چەند جیاوازییەکی بچوک هەبێت لە نێوانیاندا. بۆیە بە گشتی هونەری (دژیەک) بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت، کە ئەوانیش :

### 2-1-1 : دژیەکی فەرهەنگی :

بریتییە لە: هێنانی دوو وشەی ئەرێیی دژ بەیەک، کە هەریەکەو ڕەگەزێکی سەربەخۆبن، دەکرێت جۆرەکانی دژیەکی فەرهەنگی بەپێی ئەرکی ڕێزمانی وشە دژبەیەکەکان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشبکرێن بەم شێوەی خوارەوە:

**2-1-1-1 : دژیەکی فەرهەنگی لەناودا :** ئەو دژیەکە ئەوە دەگرێتەوە، کە دوو وشە دژ یەکەکانی ناو بن : بۆ نموونە :

**عابدێک کونجی مزگەوتی گرت**

**بە ڕۆژ و بە شەو عیبادەتی کرد** (هاوار، ٢٠٠٧، ٤٠١)

(ڕۆژ) و (شەو) دوو ناوی دژو پێچەوانەی یەکن، هەریەکەشیان لە فەرهەنگدا ڕەگێکی سەربەخۆی هەیە، بەمەش دژیەکی

فەرهەنگی بەرهەمهاتووە.

**2-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لە ناوی واتایی:**

**دەوڵەمەند زەکات نادەن بە ئیحسان**

**ڕاستی نامــێنی زۆر ئەبــێ بوختان** (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٤١)

(ڕاستی) و (بوختان)یش بەهەمان شێوە دوو ناوی واتایین و دژو پێچەوانەی یەکترن.

**3-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لە ناوی واتایی و ئاوەڵناودا :**

**لەبێ شیرینیا دەم تـاڵە خەڵـک، داتلی نەما لای کەس**

**بە (خانم کوپەگی) و(قادین بودی) من سەرفرازم بەس** (هاوار،٢٠٠٧، ٢٧٥)

(شیرینی) ناوی واتاییە و (تاڵ) ئاوەڵناو، لەفەرهەنگدا وشەی سەربەخۆن و پێچەوانەی یەکترن.

**4-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵناوی چۆنیەتی :**

**وتم : ئـێوە وەفـاکـار نین، کـەچــی عـاشق ئەشێوێنن**

**وتی : مەعشوق دڵیان ساردە، بازاڕ گەرمیە ئەی نوێنن** (هاوار، ٢٠٠٧، ١٨٧)

(سارد) و (گەرم) دوو ئاوەڵناوی چۆنیەتین، پێچەوانەی یەکترن، لەفەرهەنگیشدا سەربەخۆن.

**5-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لە دوو ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی :**

**ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد**

**مــوژدەی بەیانی بۆ گـەلـی دوورو نزیک ئەبرد** (هاوار،٢٠٠٧، ١٠٩)

(دوور) و (نـزیک) دوو ئاوەڵفرمانن، لە واتادا دژو پێچەوانەی یەکترن، هەریەکەشیان ڕەگێکی سەربەخۆیان هەیە، بەمجۆرە دژیەکی فەرهەنگیان دروستکردووە.

**6-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵناوی نادیار :**

**دەستــم پــێ گـرتووە شــەرمــندەم مـەکە**

**بـۆ بـەخـشـین گـوناهـی زۆر و کەم یەکە** (هاوارو٢٠٠٧، ٣٥٨)

(زۆر) و (کــەم)یش بەهەمان شێوە دوو ئاوەڵناوی نـادیارن وەسفی ناویان کردووە، دژو پــێـچــەوانەی یەکـترن، هەر یەکــەشیان ڕەگێکی سەربەخۆیان هەیە، بەمجۆرە دژیەکی فەرهەنگیان دروستکردووە.

**7-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لەچاوگدا :**

**ئەو گایە گوێلکێک بوو لە پێشدا کە هەڵیەگرت**

**خۆی ڕۆژ بەڕۆژ بە بردن و هێنانی فێر ئەکرد** (هاوار،٢٠٠٧، ٢٣٧)

(بردن) و (هێنان) دوو چــاوگـن، پێچەوانەی یەکــترن، هەریەکەیان ڕیــشەی سەربەخۆی هەیە.

**8-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵکاردا :**

**چوارو پێنجی گرت، بەڕاست و بەچەپ**

**سێ وچـوارێکیشی هاویشتە ژێر لەپ** (هاوار، ٢٠٠٧، ٣٨٩)

(ڕاست)و (چەپ) ئاوەڵکاری شوێنین، وەسفی کارەکە دەکەن، دژو پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگیشدا سەربەخۆن.

**9-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لە دووکاردا :**

**هەور ئەگری بەکوڵ، گوڵ پێئەکەنێ**

**باوک فرزەندەی بێ ڕەحم ئەنوێنێ** (هاوار،٢٠٠٧، ٢٠٥)

وشەکانی(ئەگری) و (پێئەکەنی)، لە نیوەدێری یەکەمدا، هەردوکیان کاری ڕانەبردوون، دژی یەکترن و دژیەکی فەرهەنگین.

**10-1-1-2 : دژیەکی فەرهەنگی لەکاری داخوازیدا :**

**هەرچەندە هەرۆ خۆشتان تێی دەگەن**

**وەرن یا هــەرۆ یا مــەڕۆی لێ بکەن** (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٠١)

(هەڕۆ)و (مەڕۆ) دوو کاری داخوازین، دژو پێچەوانەی یەکترن، فەرهەنگین.

**2-1-2 : دژیەکی نا فەرهەنگی :**

لەم جۆرەیاندا پەیوەندی نێوان وشە دژیەکان پەیوەندییەکی سروشتی نییەو دروستکراون، واتە هەمان وشە بەهۆی ئامرازەکانی نەرێوە، کرابێتە نەرێ، یان: (( ئەو دژیەکەیە کە دوو وشەکانی یەکیان نەفی ئەوی تریانە، واتە هەردوکیان لە فەرهەنگ دا یەک ڕەگیان هەیە، نەک دوو ڕەگی سەربەخۆ)).(عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ٢٩٥). وەک:

**1-2-1-2 : دژیەکی نافەرهەنگی لەناوی واتایی :**

**گیاندارو بی گیان، زەوی وگیاو دار**

**خروشاو زەڵمیش کەوتە هارە هاڕ** (هاوار، ٢٠٠٧، ١٢٧)

(گیاندار) و (بێ گیان)، دوو ناوی واتایین و لە ڕێگەی ئامرازی نەرێ کردنەوە، بوونەتە دژو پێچەوانەی یەکتر، هەردوکیان لە فەرهەنگدا یەک ڕەگیان هەیە.

**2-2-1-2 : دژیەکی نافەرهەنگی لە دوو کاردا:**

**دیارە کە ژن ئەوەندە هێزی نابێ، چۆن ئەبێ**

**هێندەی کە گایەک هەڵگری کەی هەڵمەتی ئەبێ** (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٣٧)

(نابێ) کاری ڕانەبردووی دانانییە، نەرێی (ئەبێ)یە، کە کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنەو ئەرێیە، دژو پیچەوانەی یەکترن، دژیەکی نافەرهەنگیان دروستکردووە.

**3-2-1-2 : دژیەکی نافەرهەنگی لە چاوگ:**

**بوون و نەبوونم لەلا یەکسانکە**

**لەوەختی غەمدا شادیم ئاسانکە** (هاوار،٢٠٠٧، ٣٤٥)

(بوون) چاوگێکە ئەرێیە، (نەبوون) نەرێی ئەوە، لەسەر بنەمای ئەو دروستبووە، هەردوکیان یەک ڕەگیان هەیە، دژیەکی نافەرهەنگیان دروستکردووە.

**4-2-1-2 : دژیەکی نافەرهەنگی لەکاری ڕابردوودا:**

**شەوی دەیجور بوو مانگ هەڵنەدەهات**

**هەنگـاوم نایە ڕێ ی هـات و نـەهـات** (هاوار،٢٠٠٧، ١٧٧)

لە نیوەدێری دووەمدا شاعیر کاری ڕابردووی (هات)ی بەکارهێناوە، بەدوایدا بەهۆی ئامرازی (نە)ی نەرێکردنەوە، هەمان کاری نەرێی کردۆتەوە، (هات) لە واتادا پێچەوانەی (نەهات)ە، لە فەرهەنگدا یەک ڕیشەیان هەیە، بەمجۆرە دژیەکی نافەرهەنگی بەرهەمهاتووە.

**5-2-1-2 : دژیەکی نافەرهەنگی لە کاری ناتەواوی ڕابردوو:**

**هەر ڕۆیشتین و شاخ و کێو بــوو**

**تــێـفـکـریـن دێ نەبــوو دێـو بوو** (هاوار، ، ٤١٣،٢٠٠٧)

لە نیوە دێری دووەمدا (نەبوو) نەرێی کاری ناتەواوی (بوو)ە، (بوو)ش کاری ناتەواوی ئەرێیە، لە واتادا دژو پێچەوانەی یەکترن، بەمجۆرە دژیەکی نافەرهەنگی دروستبووە.

**6-2-1-2 : دژیەکی نافەرهەنگی لە ڕانەبردووی داهاتوو:**

**بەفیتنەی بەدکار لێک نـابینەوە**

**کەوتینە تەنگانە ئاشت ئەبینەوە** (هاوار ،٢٠٠٧، ٢٢٨)

لە نیوەدێری یەکەم (نابینەوە)، کاری ڕانەبردووی نەرێیە بۆ دەمی داهاتوو، بەڵام لە دووەمدا (ئەبینەوە) کاری ڕانەبردووی ئەرێیە بۆدەمی داهاتوو، لەمەش دژیەکی نافەرهەنگی دروست بووە.

**2-2 : بەرامبەری (المقابلە) :**

بەرامبەری یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییانەی، کە شاعیران بۆ ڕازاندنـەوەی شیـعرەکـانیان بەکاریان هێناوە، فەزڵ

حەسەن عەباس لە پێناسەی (المقابلە)دا دەڵێت: زۆربەی زانایانی ڕەوانبێژی لەسەر ئەو ڕایەن، کە بەرامبەری جیاوازە لە دژیەک، چونکە بەرامبەری ئەوەیە دوو واتا (وشە)، یان زیاتر بهێنرێ لەپاشان لە بەرامبەر ئەو واتایانەی پێشوو واتای دژیان بێت، بەڵام دژیەک تەنیا لە نێوان دوو وشەدا دەبێت)) (عباس،٢٠٠٤، ٢٨٢)، د. ئیدریس عەبدوڵڵا دەڵێت : ((بریتییە لە بوونی بەلانی کەم  چوار وشە، دوویان لە بەشی یەکەمی ئاخاوتن و دووەکانی تر لە بەشی دوای ئەوەوە بێن، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان هەر وشەیەکی بەشی یەکەم و وشەی بەرامبەرەکەی لەبەشی دووەم پەیوەندییەکی دژیەکی بێت، جا بەڕێکی لەبەرامبەر یەک بێن یان بە ناڕێکی)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ٣٠١)، کەواتە لە هونەری (دژیەک) وێنەکە لەنێوان دوو لایەنی تاک ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە هونەری (بەرامبەری) وێنەکە بەلایەنی کەم لە نێوان دوو وشەی بەشی یەکەمی ئاخاوتندا دەبێت، ئەویش چەند جۆرێکی هەیە:

### 2-2-1 : بەرامبەری بەپێی دوویی ژمارەی وشەکان : وەک :

**وەک هەوری بەهار بۆ خۆی بگری زار**

**ڕۆژی ڕووناکی بێتە شەوی تار** (هاوار ،٢٠٠٧، ٢٨٥)

لە نیوەدێری دووەمدا، سەرەتا وشەکانی(ڕۆژ) و (ڕووناک) هاتوون، دواتر بەریزو لە بەرامبەر هەر یەک لەم دوو وشەیە دژەکانیان هاتووە، لە بەرامبەر وشەی (ڕۆژ)، وشەی (شەو) هاتووە، لە بەرامبەر وشەی (ڕووناک)یش وشەی (تار) هاتووە، پەیوەندی نێوان (ڕۆژ) و (شەو) و (ڕوناک) و (تار) پەیوەندییەکی دژیەکییە، بەمەش بەرامبەری دوویی دروستبووە.

### 2-2-2 : بەرامبەری بەپێی ڕێکی وشەکان

ئەمەیان ئەوەیە، کە وشەکانی بەشی دووەمی ئاخاوتن بە ریزو بە ڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمی ئاخاوتندا بهێنرێنەوە، بۆ نموونە :

**گوێی ڕاستت سووک بێ بۆ چاکە بیستن**

**گوێی چەپت کەڕ بێ بۆ لە فیت هەڵبەستن** (هاوار،٢٠٠٧، ٢٠٢)

لە نیوەدێری یەکەم هەردوو وشەی (گوێی ڕاست) و (بیستن) هاتووە، دواتر لە نیوەدێری دووەم لەبەرامبەردا (گوێی چەپ) و (هەڵبەستن) هاتوونە، لەنیوەدێری یەکەم (گوێی ڕاست) بەرامبەر(گوێی چەپ)و لەنیوەدێری دووەم هاتووە، هەروەها (بیستن)ی دێری یەکەم بەرامبەر(هەڵبەستن)ی دێری دووەم هاتووە، پەیوەندی نێوان ئەوانیش دژیەکیەو بەمەش هونەری (بەرامبەری دوویی ڕێک) دروستبووە.

### 2-2-3 : بەرامبەری بەپێی ناڕێکی وشەکان:

ئەوەیە وشەکانی بەشی دووەمی بەناڕێکی لەبەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمیدا بهێنرێتەوە.

**بە ڕوویا زوڵفی پەخشان کردووە لەیل و نەهارێکە**

**لە شەودا ڕۆژی پەنهان کردووە شێوەی عوزارێکە** (هاوار ،٢٠٠٧، ١٨٨)

لە نیوەدێری یەکەم وشەی (ڕوو) لەسەرەتا هاتووە، وشەکانی (لەیل) و (نەهار)یش لە کۆتایی هاتووە، بەڵام لە نیوەدێری دووەم، وشەکانی (شەو) و (ڕۆژ) لە سەرەتا هاتووە، کە بەرامبەر لەیل و نەهاری کۆتایی دێری یەکەمە، هەروەها(ڕوو)، کە لەسەرەتای دێری یەکەمە بەرامبەر (شێوە)هاتووە، کە لە کۆتایی دێری دووەمە، بەمجۆرە بەرامبەری ناڕێک دروستبووە.

## 2-3 : جێگۆڕین (العکس):

ئەم هونەرەش یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر ڕستەی دووەم لەسەر بنەمای ڕستەی یەکەم دابمەزرێنێت، بەشێوەیەک: (ئەو وشانەی لە ڕستەی یەکەم کەوتبوونە کۆتایی بیانهێنێتەوە پێشەوە، ئەوانەشی کە لە ڕستەی یەکەم لەپێشەوە هاتبوون لەڕستەی دووەمدا بیانخاتە کۆتایی) (زاید،١٩٧٦، ١٣٥)، واتە: ئەو ڕستەیەی لە بەشی یەکەمی ئاخاوتندا هاتووە، لەبەشی دووەمی ئاخاوتن هەمان وشەکانی ڕستەکە، پاش و پێش دەکرێن، ئەمەش لەسنووری دێرەشیعرێک یان نیوەدێرە شیعرێکدا دەبێت، مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەبارەی ئەم هونەرە

دواوه، دەڵێت: ((ئەوەیە کە تۆ بەشێک لە ڕستەکە پێش خەی ، پاشان هەر ئەو بەشە هەڵگریت و پاشی بخەی)) (سەجادی، ١٩٧٨، ٩٠)، پیرەمێردیش ئەمجۆرە هونەرەی لەشیعرەکانیدا بەکارهیناوە، وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت :

**عـەشـق وجـوانی لەسەر مــن و تـۆدا کـەوتە ڕوو**

**من بە ختی تۆم خـەوم نییە، تۆش بەختی مـن بنوو (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٧٦)**

لەم دێرە شیعرەداو لە نیوەدێری دووەم سەرەتا (من بەختی تۆم) هاتووە، لەپاشان شاعیر جێگۆڕکێی بە وشەکانی ئەو ڕستەیەی کردووەو گوتوویەتی: تۆ بەختی من)ی، کە هەردوو ڕستە، ئەگەر یەکەمیان لەسەرەتاوە بخوێنیەوەو دووەمیان لەکۆتاییەوە هەریەک شت دەردەچن، یانیش ئەگەر دووەم لەسەرەتاو یەکەم لەکۆتایی بخوێنیەوە، دیسانەوە هەریەک شت دەردەچن، بەمجۆرە شاعیر هونەری جێگۆڕینی بەکارهێناوە.

### 2-4 : تـێلنـیشان (تـلـمیع) :

هونەرێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، شاعیران بۆ جوانکردن و بەپێزکردن و دەوڵەمەندکردنی شیعرەکانیان بەکاریانهێناوە، دکتۆرکامیل ئەحمەد نەژاد نووسەری فارس لەبارەی تێلنیشانەوە دەڵێت: (ئاماژەکردنە بە داستان، یان چیرۆک یان ئایەت و فەرموودەیەک لە شیعردا)(نژاد،١٣٨٢، ١٣٥)، دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا وا پێناسەی کردووە، دەڵێت : ((بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر، بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەک، یان پەندێکی پێشینان ورووداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داستان و بەسەرهات و هەر شتێکی تری هاوشێوە، بەڵام بێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ شتێ دەکات، لەسەری بوەستێ و بە درێژی باسی بکات، هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت)) (عەبدوڵڵا،٢٠١٢، ١٣٧)، یان تێلنیشان ((ئەوەیە کە هۆنەر لە هۆنراوەکەی خۆیدا هێما بەداستان و کارەسات وەیا پەندێکی پێشینان ئەکا)) (سەجادی،٢٠٢١، ١٢١)، لەبارەی ئەوەی کە پیرەمێردی شاعیر دەستێکی باڵای لەم هونەرەدا هەبووە، مامۆستا عەزیز گەردی پێی وایە: ((ئەو هۆنراوانەی کە پیرەمێرد دایناون دەربارەی پەندی پێشینان هەمووی بەر ئەم هونەرە دەکەون)) (گەردی ، 1975، 103)، ئەو بابەتانەی دەکەونە چوارچێوەی هونەری تێلنیشان وەکو لە پێناسەکاندا هاتووە، دەبنە چەند جۆرێک بە گوێرەی بەکارهێنانی لەلایەن شاعیرەوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین.

### 1-4-2 : تێلنیشان بۆ قورئانی پیرۆز:

ئەمەشیان بە چەند جۆرێک ئەنجامدراوە، وەک وشەیەک یان زیاتر لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، شاعیر تێلنیشانی بۆ کردووە، یان ئاماژەی بە ڕووداو و موعجیزەو بەسەرهاتێکی ناو قورئانی پیرۆزکردووە. وەک:

#### 1-1-4-2 : تێلنیشان بۆ ئایەتی قورئان ، وەک :

**چــاوی چـڵکنە لێت کەوتۆتە کار**

**بە (إن یکادوا) بۆت کەوتمە هــاوار** (هاوار،٢٠٠٧، ١٨٢)

لەم دێرە شیعرەدا هونەری تێلنیشان بۆئایەتی قورئانی پیرۆز هەیە، کە دەڵێت: (أن یکادوا) شــاعیر مەبەستی ئایەتی ژمارە(٥١)ی سورەتی (القلم)ە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وإن یکادوا الذین کـفروا لیزلقونک بأبصارهم لما سمعوا الذکر ویقولون إنه لمجنون))، واتە: (ئــەی پێغەمبەر(د.خ)!! ئــەوانەی کە بێ باوەڕو کافرن بەجۆرێک تەماشات دەکەن وخـێـسەت لــێدەکەن، هەروەک بیانەوێت بە تیلەی چـاویـان لەناوت بەرن، بەتـایبـەت کـاتێـک گـوێیان لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەبێت، دەڵــێن: (ئەم فرستادەیە) شێتە)) (أمین، ٢٠٠١، ٥٦٦)، باوە لەناو بەشێکی کۆمەڵگە، کاتێک پێیان وایە چاوی پیس کـاریتێکردوون، سەردانی شێـخ ومەلا دەکـەن بۆ ئەوەی دوعایان لۆ بکات و لە چاوی پیس دوور بن، شاعیر ئەو ئایەتەی تێلنیشانکردووە لە شیعرەکەیدا.

#### 2-1-4-2 : تێلنیشان بۆ ڕووداوی قورئانیی، وەک :

**دڵ لە (طـور)ی بەدەنا ویستی بە ناڵەی (أرنــي)**

**وەکو موســا بە تەمەننــای نەبـوو دەســتوورم** (هاوار، ٢٠٠٧، ٣٦٣)

ئەم دێرە شیعرەش تێلنیشانە بۆ ڕووداوی گەورەی پێغەمبەر موســا، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتی (١٤٣)ی سورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێت: (ولما جاء موسى لمیقـتنا و کلمه ربه قال ربي أرني أنظر إلیک قال لن تراني ولکن أنظر الی

الجبل فإن استقر مكانه فسوف تـراني فـلما تجـلى ربه للجـبل جـعله دكـا وخـر موسى صعـقا فـلما افاق قال سبحانك تبت إلـيك وأنـا أول المؤمنين) (سوره الاعراف/١٤٣)، واته : کاتێک پێغەمبەر موسا بەرەو کێوی (طور) دەچێت بۆ خوا پەرستی، خوای گەورە قسەی لەگەڵدا دەکات، موساش داوا لە خوا دەکات ((خۆتم نیشانبدە تا تێر تەماشات بکەم، خوای گەورەش دەفەرموێت: هەرگیز لە دنیادا، نامبینی (بۆ دڵنیاییکردنی کە بەرگەی تەجەلای پەروەردگار ناگرێت پێی فەرموو: بەڵام (ئەگەر هەر حەز دەکەی) سەیری ئەو چیایە بکە، ئەگەر خۆی بۆگیرا ئەوە لەمەودوا تۆش من دەبینی، جا کاتێ پەروەردگار خۆی نیشانی کێوەکە داو تەجەلای کرد، کـێوەکە سووتاو وردوخاش بوو، موسا لەهۆش خۆی چوو، کاتێ کە هاتەوە هۆش خۆی، (زانی داخوازیەکەی زۆر گەورە بووە)، وتی ستایش و بێ عەیبی و کەماڵ هەر شایستەی تۆیە،من پەشیمانم لە داخوازیەکەم، وەمن یەکەم کەسم لە ئیمانداران))(أمین، ٢٠٠١، ١٦٧)، ئەم بابەتە لە ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتان باسکراوە، شاعیر هەردوو وشەی کێوی (طور) و (ارنـی) تێلنیشانی شیعرەکەی کردووە، یان دەڵێت:

**گـزنگی خۆر ئەداتە بەفرەکەی شاخی (عمر گدرون)**

**بریقەی خۆشترە لای من لە دورِو گەوهەری قارون** (هاوار ،٢٠٠٧، ٦٣)

(قارون) یەکێک بووە، لە کەسە زۆر دەوڵەمەندەکانی قەومی موسا، خاوەنی سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆر بووە، تەنانەت کلیلەکانی پاراستنی سەروەت و ساماناکەی یەکجار قورس و گەورە بووەو هەڵگرانی ماندوو هیلاک کردووە، شاعیر بۆ دەرخستنی ئەو گزنگە خۆرەی کە ئەداتە بەفرەکەی سەرشاخی (عمر گەردون)، کە مەبەستی پیرەمەگروونە، تێلنیشانی بە (گەوهەری قارون) کردووە، ئەمەش یەکێکە لەو بەسەرهاتانەی خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە.
یان دەڵێت:

**بە ئـاواتـی ئەخـوازن خـەڵک طعامی مائدەی عـیسا**

**هەمووی حەڵوا گەزۆیەک ناهێنی دەستم کەوێ ئێستا** (هاوار ،٢٠٠٧، ٦٤)

(مائیدەی عیسا) ئەو سفرە خواردنە ڕازاوەیە بوو، کە خوای گەورە بۆ قەومی عیسای دابەزاند، دوای ئەوەی قەومەکەی داوایان لێکرد، وەکو خوای گەورە لە سورەتی (المائده)دا دەفەرموێت: {قال عیسی أبن مریم اللهم ربنا أنزل علینا مائدة من السماء تكون لنا عیدا لأولنا وآخرنا وآیة منک وارزقنا وأنت خیر الرازقین}(المائده/١١٤)، ( شاعیر (مائدەی عیسا)ی تێلنیشانی شیعرەکەی خۆی کردووەو بەهۆیەوە هونەری تیلنیشانی بەرهەمهێناوە.

### 3-1-4-2 : تێلنیشان بۆ بە موعجیزەی قورئانی:

**تـۆ نەبویتایە بە ئـاگـری نەمرود**

**نـەسلی ئیبراهیم نەدەبوو مەوجود** (هاوار، ٢٠٠٧، ٣٦١)

یەکیک لە موعجیزە گەورەکان ئەوەیە کە خوای گەورە فەرمانی بە ئاگـر کـــرد سارد بێت و پێغەمبەر ئیبراهیم نەسووتێنی، وەک لەئایەتی (٦٩)ی سورەتی (الأنبیاء) لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {قـلنا یانار کـوني بـردا وسـلاما على إبـراهیم}، لە کاتێکدا ئاگر سووتێنەرە، شاعیر تێلنیشانی ئەو ئاگرەی کردووە کە لەلایەن (نەمرود) بۆ حەزرەتی ئیبراهیم هەڵکراو نەیسوتاند.

### 2-4-2 : تێلنیشان بۆ ڕووداوی مێژوویی :

**قەسەم بەو عەزمی کوردەی شانی (ریـچارد) ی بەشییر ڕووشان**

**کـڵاوی کورد ئەبێ قوچ بـێ کـە هـات و شـانی خـۆی جووڵان** (هاوار،٢٠٠٧، 67)

(ڕیـچارد) شای ئینگلیزە کە لە شەڕی خاچپەرستەکان بریندار کراوە، سەلاحەدینی ئەییوبی کە سەرکردەیەکی کورد بوو، سەرکردایەتی لەشکرەکەی کردووە، شاعیر ناوی (ڕیچارد) تێلنیشانی شیعرەکەی کردووە، وەک ڕووداوێکی مێژوویی ئاماژەی پێکردووە. یان دەڵێت:

**بورجی ڕۆژی کـورد کە ڕۆژهەڵات بوو**

**هەڵمان هەڵ نەکەوت بەشمان هەڵات بوو** (هاوار، ٢٠٠٧، ٣٣)

باس لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکات، کەبۆ ماوەیەکی کەم لەلایەن (قازی محەمەد)، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەساڵی(١٩٤٦)دروستکرا، لەلایەن ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی پەلامارداراو ڕوخاندیان، شاعیر ئەو ڕووداوە مێژووییەی تێلنیشانی شیعرەکەی خۆی کردووە.

### 2-4-3 : تێلنیشان بۆ ئەفسانەی گەلان :

**شـــمال و جـنوب تــێکەڵ کــەم بەقــین**

**بـلەرزێنمـــەوە گــاکـــەی ژێــر زەمــین** (هاوار، ٢٠٠٧، ٥٨)

(گاکەی ژێر زەمین) ئەو ئەفسانەیەیە، کە لەلایەن بەشێکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان باسی دەکەن و پێیانوایە زەوی لەسەر پشتی گا ڕاوەستاوە، هەرکاتێک گاکە بجوولێ زەوی تووشی جوولانەوە دەبێت، ئەوەش ئەو ئەفسانەیە کە شاعیر تێلنیشانی کردووە.

### 2-4-4 : تێلنیشانی بۆهۆیەکانی پێشکەوتن و شارستانیەت:

**(تــرێن) جوولایەوە وا کەوتە ڕێ، باوەڕ بەخۆم ناکەم**

**خەوە یاخود خەیاڵ، یا ڕاستە ئەم حاڵی فەرەحناکەم** (هاوار،٢٠٠٧، ٦٣)

(ترێن) کە مەبەستی (شەمەندەفەر)ە، لە سەردەمانی تازە دەرکەوتنی لە وڵات، کە پێشتر شاعیر لە وڵات و شوێنی تر بینیویەتی، دەبێتە هۆی فەرەحنایی و تێلنیشانی شیعرەکەی خۆی پێ دەکات.

### 2-4-5 : تێلنیشان بۆ داستان :

**هاتمە بێستون لای قەسری شیرین**

**بۆ فــەرهاد گــریام بە دڵەی نـمین** (هاوار، ٢٠٠٧، ١٠٥)

(فەرهاد) و (بێستون) تێلنیشانن بۆ داستانی شیرین و فەرهاد، ئەو بەسەرهاتە تراژیدیایەی، کە دەڵێیت کێوی هەڵکۆڵیوە، تابلۆی لێ دروستکردووە، شاعیر تێلنیشانی بۆ کردووە.

## 2-5 : کۆکردنەوە (الجمع) :

کۆکردنەوە بریتییە: لەوەی دوو شت یان زیاتر کۆبکەیتەوەو بەیەک جۆر بیانبینی. چونکە کۆکـردنەوە یەکێکە لەو هونەرانەی کە بەشێوەیەکی سروشتی لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکییەوە هەیە، لەهەمان کاتیشدا دەکەوێتە ناو زمانی شیعرییەوە، جیاوازی نێوان کـۆکـردنەوە لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکییەوە لەگەڵ زمانی شیعریی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: زمــانی شیعریی یاسـاو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، شاعـیر پێویستە لەکاتی دەربرینیاندا ڕەچاوی جێبەجێکردنی ئەو یاساو ڕێسایانە بکـات کە بۆ نـووسینی شیـعر دانراون، شــاعـیران و ئەوانەی لەبارەی ڕەوان بێژییەوە دواون، مەگەر بەدەگمەن نەبێت، ئەگینا هەموویان لەسەرئەوە کۆکن کـۆکردنەوە، بریتییە لە هونەرێکی جـوانـکـاری، بۆنموونـە: عەبدولعەزیز عەتیق لەپێناسەی هونەری کۆکردنەوەدا دەڵێت: (ئەوەیە، کە چەند شتێک لە ژێر یەک بڕیاردا کۆبکەیتەوە، یان ئەوەیە قسەکەر دووشت یان زیاتر لە یەک بڕیاردا کۆبکاتەوە)(عتیق، ١٩٨٥، ١٥٥)، عەزیز گەردیش دەڵێت: ((وا دەبێت کە کۆمــەڵە شتێک پێکەوە کۆبکەیتەوە، هەموویان بخەیتە ژێر فەرمانی حوکمێکەوەو یەک فەرمانیان بەسەردا ببڕێ)) (گەردی،١٩٧٥، ١٠٧)، دکـتۆر ئیدریس عــەبدوڵلاش لەبـارەی (کـۆکـردنەوە) دەڵێت: (( کۆکردنەوە ئەوەیە، دووشـت یان زیــاتر لە ژێـر دەواری یەک شـت، یان یەک بڕیار کورتبکەینەوە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ٣١٢). کەواتە: کۆکردنەوە بریتیە : لەوەی دووشت یان زیاتر کۆبکەیتەوەو بەیەک جۆر بیانبینی.

### 2-5-1 : کۆکردنەوەی دوویی:

**لەنــاو عــەرەبدا دوو بدعە هەیە**

**یەکەم (حـسن)ە دوو (سـیئە) یە** (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٥٥)

لەم دێرە شیعرەدا، شاعیر بیدعەی (حەسـنة) و (سـیئة)ی ، لە ژێر یەک بڕیار کۆکردۆتەوە، ئەویش (بیدعە) بوونە، بەمجۆرە کۆکردنەوەی ئەنجامداوە.

### 2-5-2 : کۆکردنەوەی سێیی:

**بە نەشـئەی ترێ کـە چـاو وەرگێڕێ**

**سـۆفی و مەلاو شێخ لە دین وەرگێڕێ** (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٦١)

لەم دێرەدا، لە نیوەدێری دووەم، شاعیر(سۆفی، مەلا، شێخ)ی کۆکردۆتەوە، لەژێر ناونیشانی بە نەشئەی ترێ لە دین وەرگێڕی، بەمجۆرە هونەری کۆکردنەوەی ئەنجامداوە.

### 3-5-2 : کۆکردنەوەی چواری:

**ئێمە مایەی چوار سروشتین، ئـاو و ئاگر ، خاک وبا**

**ئەم هــەوێنە کـامی زیـاتـر بێ، بـەلای ئـەویا ئەبا** (هاوار،٢٠٠٧، ٢٧٣)

لەم دێرە شیعرەدا، شاعیر (ئاو، ئاگر، خاک، با)ی کۆکردۆتەوە، کە هەرچواریان سروشتن، بەم جۆرە هونەری کۆکردنەوەی ئەنجامداوە.

### ٢-٥-٤ : کۆکردنەوەی پێنجی :

**سـەڵاحــەدیـن وکــەریـم خــانی زەنـد**

**بابا شەرەف خان شای کۆی دەماوەند**

**قـــارەمـــــان قـــــادر فــیـدایـی فـوئـاد**

**لەڕێـی وەتەنـدا بەجـەننەت بوون شاد** (هاوار، ٢٠٠٧، ٣٢٦)

شاعیر( سەلاحەدین ، کەریم خانی زەند ، بابا شەرەفخان ، قارەمان قادر، فوئاد)، هەر پێنجیانی کـۆکـردۆتەو لەژێر ناونیشان (شادبوون بەبەهەشت)، بەمجۆرە هونەری کۆکرنەوەی ئەنجامداوە.

### 5-5-2 : کۆکردنەوەی دەیی:

**دە شـتم هـێند لا گرانە، ڕاسـتی پێی سەخـتم تەواو**

**ناری عاشق، نوێژی فاسـق، کـبرو خـۆ بادانی پیاو**

**دەردی بەرتیل، ڕووی بەخیل، گاڵتەی ڕەزیل، ئەرکی دەلیل**

**دەنــگی نـاســازی مـؤذن، برسێتی و هەوراز، بــەدیل** (هاوار، ٢٠٠٧، 276)

شاعـیر لە ژێر ناونیشانی (ئەو شتانـەی لای گرانە)واتە: پێی ناخۆشەو پێیان ڕازی نیە، هــەر دە سیـفــەتـی کـۆکردۆتەوە، کـە بـریتین لە: (ناری عاشق، نوێژی فاسق، کـبروخـۆبادانی پـیاو، دەردی بەرتیل، ڕووی بەخیل ، گاڵتەی ڕەزیل، ئەرکی دەلیل، دەنگی ناسازی مؤذن، برسێتی ، هەوراز )، ئەوانە ئەوسیفەتانەن کە شاعیر خۆشی پێیان نایێ و دەڵێ لام گرانن، بەمجۆرە هونەری کۆکردنەوەی ئەنجامداوە.

### 6-2 : لـێکـکـردنەوە (الـتـفـریـق) :

لێککردنەوەش جۆریکی ترە لەهـونەری جوانکاری واتایی، شاعیران لە شیعرەکانیان بەکاریانهێناوە، بەسیونی عەبدولفەتاح فیود لە پێناسەی لێککردنەوەدا دەڵـێت: (پێچەوانەی کۆکردنەوەیە، جۆرە ئاوازێکە، کە جیاوازی لە نێوان دوو شتی یەکجۆر دەکات) (فیود، ٢٠٠٨، ١٨٤)، یان بریتییە لە: ((دروستکردنی جیاوازی لەنێوان دوو شتـدا، لە جۆری پیاهــەڵدان، یان هەر جـۆرێکی تـر، یـانـیـش بـریـتـییە لـە لـێـکـکـردنەوەی دووشـتــی لـەیەک جۆردا لەجیاوازی بڕیارەکانیان)) (عەبدوڵلا،٢٠١٨، ٢٤٣)، عەبدولقادر حوسێنیش لەپێناسەی لێککردنەوەدا دەڵێت: ( بریتیە لە جیاوازی کردن لەنێوان دوو شـت یان زیاتر لەیـەک بڕیاردا، کـەتیایـدا هــاوبەشــن بۆ ئەوەی هــەر یەکـەیان بە باشی بەدیار بخات) (حسین، ٢٠٠٨، ٧١)، کەواتە : لێککردنەوە بـریتییە لە: بەدیار خستنی جیاوازی نێوان دووشت، کە لە یەک جۆردابن، بە پێچەوانەی کۆکردنەوە. بۆنموونە:

**ڕەنگ زەردو سەرشین دەروون پڕ لە دەرد**

**بۆ عـالــەم شــادی و بـۆ مـن ئاهی سەرد** (هاوار ،٢٠٠٧، ١٩٢)

لەم دێرەشیعرەدا، شـاعـیر سیـفـەتە هـاوبەشەکـانی(شــادی) و (ئاهی سەرد)ی، کـەدوو سیـفـەتی دڵ خـۆشی

وخـەمباری مـرۆڤن، بە شـارەزاییەوە لـێکیان دەکـاتەوە، بە شـیوەی پـرسـیـارو سـەرسورمان، ڕووی دەمی لە خوێنەرو گـوێـگرانە لـەمـەڕ دابـەشكردنی ئـەو دوو بـەشـە چـارەنوس بڕیـار لەسەر دراوە، كـە بۆچـی وایە، ئەو چ هـێــزێكی سـەرووی گـەردوونـیـە چـارەنووسەكان بەمشێوەیە دابەشدەكات، بەمجۆرە شاعیر بەلێككردنەوەی هەردوو بەشەكە هونەری لێككردنەوەی ئەنجامداوە.

## 2-7 : دابەشكردن:

عەزیز گەردی دەڵـێت: ((وادەبێ كە لەپێشەوە دوو شت، یا  پتر بێنیت، ئینجا بە شوێن ئەوانەوە یەكە یەكە بۆ شتی تریان ببەیتەوە، كە پەیوەندیان پێوە  هەبن،  واتە: هەر  یەكێكیان  بدەیتە شتێك و ئەوەش دیار بكەیت كە كامەیان بۆ كامە دەچیتەوە)) (گەردی، ١٩٧٥، ١١٢)، دكتۆر ئیدریس دەڵێت: ((دابەشكردن (التقسیم)، بریتییە لە باسكردنی چەند شتێك، دوای ئەوە بە دەستنیشانكردن هەر شتێكی تر بخەیە پاڵ هەر یەكێكیان كە هی خۆیەتی)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٨،  ١٤٠) كەواتە : دابەشكردن  بریتییە لە هێنانی چەند شتێك، لەپاشان زیادكردنی هەرشتێكیان بۆ ئەو لایەنەی كە بۆی دانراوە. بۆ نموونە:

**گـیانە وەنــەوشــەو چنوور لەگەڵ گوڵ**

**ســەودای دیــدەنی تـۆیــان كەوتە دڵ**

**چــنور لە كـێوان، وەنــەوشــە لە چەم**

**گوڵ لە گوڵستان یەكیان گرت سەرجەم**  (هاوار، ٢٠٠٧، ١٤٣)

لە دێری یەكەمدا، شاعیر باس لە (وەنەوشە) و (چنوور) و (گوڵ) دەكات، پاشان لە دێری دووەمدا سێ شوێن دێنێ ئەوانیش (كێو، چەم، گولستان)، ئەو شوێنانە بەسەر گوڵەكان دابەشدەكات، بە جۆرێك هەریەكەو شوێنێكی بەردەكەوێ، (چنوور لەكێوان)،(وەنەوشە لەچەم)، (گوڵ لە گوڵستان)، بەمجۆرە هونەری دابەشكردنی بەرهەمهێناوە.

## 2-8 : كۆكردنەوە لەگەڵ دابەشكردن (الجمع مع التقسیم) :

هــونەرێكی تری جوانكاری واتاییە، ((بریتیە لەوەی چەند شتێك لەژێر یەك بڕیار كۆبكەیەوە، لەپاشان دابەشی بكەی، یان  بەپێچەوانەوە))(عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ٣١٦)، مامۆستا (عبدالكریم مدرس) یش لەپێناسەی، كۆكردنەوە لەگەڵ دابەشكردندا دەڵێت: ((بریتیە لە كۆكردنەوەی چەند شت لەژێر یەك حوكمداو ئەنجا دابەشكردنی یا بەپیچەوانەی ئەوەوە)) (مدرس،١٩٩١، ١٩)، ئەحمەد هاشمیش لە پێناسەی كۆكردنەوە لەگەڵ دابەشكردن (الجمع مع التقسیم)دا، دەڵێت: (ئەوەیە قسەكەر دوو شت یان زیاتر لەژێر یەك بڕیار كۆبكاتەوە، پاشان كۆكراوەكان دابەشبكات، یان یەكەمجار دابەشیان بكات، ئینجا كۆیان بكاتەوە) (الهاشمی، ٢٠١٩، ٣٧٦)، كەواتە كۆكردنەوە لەگەڵ دابەش كردن و بریتییە: لە كۆكردنەوەی دوو شت یان زیاتر بەیەكەوە، ئینجا دابەشكردنیان، دەكرێت بە پێچەوانەشەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە :

**بەجووت پەروانەو مـاسی، كـە دالّــدەی چــراو گـۆلـن**

**نــزیـكی ئـەم سـووتـێنێ، لە دووریی ئاو ئەوان حـۆڵن** (هاوار، ٢٠٠٧،  ٦٨)

لە نیوەدێری یەكــەم بــاس لەپــەروانـەو مـاسی كراوە، كە یەكەمیان حەزی بە (چـرا)و  دووەمیان  حەزی بە (گۆڵ) ە، ئەمە كۆكردنەوەیە، دواتر بۆ یەكەمیان كە (پەروانە)یە ئەوە زیادكراوە، كە ئەگەر لە (چرا) كە زۆر نزیك بێتەوە دەسووتێت، بۆ دووەمیش كە (ماسی) یە، ئەوە زیادكراوە، كە ئەگەر لە(گۆڵ) دوور  بێت (حۆڵ)  دەبێت، بەمە  كۆكردنەوە لەگەڵ دابەشكردن  بەرهەمهاتووە.

## 2-9 : پـێـچــەو پـەخـشــە (اللـف والـنـشر) :

پێچەو پەخشە (پێچانوكردنەوە)شی پێدەگوترێت، هونەرێكی جوانكاری واتاییە، لەم جۆرە هونەرە دا شــاعیر چەند وشەیەك، یان بابەتێك دێنێت و باسیاندەكات، لەدواییدا چەند وشەیەكی تر دێنێت، كە ڕوونكــردنەوەی ئەو بابەتە، یــان ئەو  وشانە دەكات، كە لەسەرەتادا هێنابووی، بەمجۆرە هونەری پـێچــەوپەخـشــە بەرهــەمــدێنێت، ((ئەوەیــە، كە لەسەرەتادا دوو یان چەند وشەیەك لەلایەك (لە نیوەدێری یەكەم) دەهێنرێت و پاشان لەلاكەی تر (لە نیوەدێری دووەم) ئەم وشانە دەهێنرێن، كە پەیوەندی نزیكی یان وا بەستەبوونیان هەیە بەم دوو، یان چەند وشەیەی، كە لەنیوە دێری یەكەمدا هاتووە))(محمدی،١٣٩٠، ١٦٢)، هەروەها  (د. عبدالواحد مشیر دزەیی)یش لـە پێناسەی پـێـچـەو پەخشەدا

دەڵێت: ((هێنانی چەند وشەیەکە، دواتریش هەر یەک لە وشەکان وشەی تر بێنی پەیوەندی بە وشەکانی بەراییەوە هەبێت، بەبێ دەستنیشانکردن، چونکە گوێگر خۆی شارەزایی هەیە سەر بەکام وشەیە)) (دزەیی، ٢٠١٥، ١٢٢)،

عەزیز گەردی چەند سەرنجێک دەخاتەڕوو، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو هونەرە لەگەڵ هونەری (بەرامبەری) کە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە، دەڵێت: لە بەرامبەری گوتمان، ئەوەیە کە لەپێشدا چەند وشەیەک لەدوای یەکەوە بێنی ئینجا بەڕێز دژەکانیان یەک لە دوای یەک بۆ بێنی، ئەگەر وردی لەم دوو قسەیە بکەین ئەوەمان بەتەواوی بۆ دەردەکەوێ کە (بەرامبەری) جۆرێکە لەپێچان وکردنەوەو بگرە پێچان وکردنەوەی ڕێکە، چونکە لە (بەرامبەری)دا مەرجە دژەکان بەڕێکی یەک لەدوای یەک بێن، بۆیە دەتوانین بڵێین: کە هەموو (بەرامبەری) یەک پێچان وکردنەوەی ڕێکە، بەڵام مەرج نیە هەموو پێچان و کردنەوەیەکی ڕێک (بەرامبەری) بێت (گەردی،١٩٧٥، ٧٦)، پێچەو پەخشەش دووجۆری هەیە، ئەوانیش:

1- پێچەو پەخشەی ڕێک 2- پێچەو پەخشەی ناڕێک

### 1-9-2 : پێچەو پەخشەی ڕێک:

ئەمەشیان: ((ئەو پێچەو پەخشەیە کە وشە پەخشکراوەکانی بە ڕێکی لە بەرامبەر وشە پێچکراوەکانی هاتبن، جاهەریەکەیان دوو وشە، یان سێ وشە، یان هەر چەند وشە بن)) (عەبدوڵلا،٢٠١١ ، ٣١٨).

**سەرو زوبانم بە فیکرو سەبات**

**هەروا بێڵەوە هەتا دێمە لات** (هاوار، 2007، 345)

شاعیر لێرەدا لە بەشی یەکەمی گوتەکەی وشەکانی (سەر) و (زوبان)ی هێناوە، لە پاشان بە شوێن ئەواندا هەردوو وشەی ( فیکر) و (سەبات)ی هێناوەتەوە، کە ئاشکرایە (فیکر) بۆ (سەر) دەگەڕێتەوەو لەگەڵ ئەو پەیوەندی پەیوەستی بە یەکیان هەیە، (سەبات)یش بۆ (زوبان) دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی بە یەکەوە هاتووە، هەموو (زوبان)ێک دەشێت (سەبات)ی ببێ و دەشێت نەیبێت، بەمەش پێچەو پەخشەی ڕێک دروست بووە(عەبدوڵلا،2007، 277).

### 2-9-٢ : پێچەو پەخشەی ناڕێک :

**ئەمەشیان** ((ئەو پیچەو پەخشەیە کە وشە پەخشکراوەکانی بە ناڕێکی لە بەرامبەر وشە پێچ کراوەکانیدا هاتبن، جا هەریەکەیان، دوو وشە، یان سێ وشە، یان هەر چەند وشەبن)) (عەبدوڵلا، ٢٠١١، ٣١٩).

**بەڕوو پۆشینی تۆ ڕۆژم شەوە زەنگێکە تیرەو تار**

**وەکو تاوس کە هەوری دی ئەناڵێنێ بە گریەو زار** (هاوار ،٢٠٠٧، ٢٠٤)

لە نیوەدێری یەکەمدا، (ڕوو پۆشینی تۆ) پێچکراوە بە (ڕۆژم شەوە) لەدوایاندا (تیرە) و(تار) لە نیوە دێری دووەمیشدا، وەکو تاوس) پێچکراوە بە دیتنی (هەور) لە دوایاندا (گریە) و(زار)، بەمەش پێچەو پەخشە ناڕێک دروستبووە.

### 10-2 : جوانی بایس (حسن التعلیل) :

ئەم هونەرە جوانکارییە، ئەوەیە کاتێک شاعیر باسی دیاردەک دەکات، ئەم دیاردەیە هۆی ڕاستەقینەو دروستی خۆی هەبێ، بەڵام شاعیر ئەو هۆیە بخاتە لاوە، بۆ جوانی هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ زیاد بکات، کە زۆر دوور بێت لە هۆیە ڕاستەقینەکەی خۆی، ئەم هونەرەش لەلایەن زانایان و شارەزایانی بواری ڕەوانبێژی باسی لێوەکراوەو پێناسەیان بۆ کردووە، لەوانە (د. عمر عتیق) دەڵێت: (ئەوەیە ئەدیب هۆی دروستی و زانراوی شتەکان ڕەتکاتەوەو هۆیەکی دیکەی ئەدەبی بۆ شتەکان بێنێ، بەو شێوەی، کەلەگەڵ مەبەستی خۆی دەگونجێ، واتە: ئەدیب بانگەشەی هۆیەکی گونجاوی نادروست دەکات، بەڵام جوانی و چێژێکی تایبەتی تێدایە، بەو هۆیەوە جوانیەکی زیاتر بە واتای مەبەست دەدات) (عتیق، ٢٠١٦، ١٩٦)، جوانی بایس ((گوزارشتی ئەدیب و شاعیرە لەشتێک؛ کە مەبەست لێی گوزارشت لە هۆی ڕوودانی ڕاستەقینەکە نیە، بەڵکو گوزارشت لە هۆیەکی تری دروستکراوو داهێنەر دەکات، کە بەهۆیەوە دەربڕینێکی ناسک وبەرهەمێکی جوانی ئەدەبی بنیات دەنرێت)) (گەردی، 2٠22، ٣٣٧)، موحەمەدیش لەئەدەبی فارسیدا باسی هونەری جوانی

بایسی کردووە، لە پێناسەی ئەم هونەرەدا دەڵێت: (بریتیە لە هێنانەوە، یان باسکردنی بابەتێک لە شیعرداو ئەوکات بۆ ئەم مەبەستە، بەڵگەیەکی ئەدەبی، یان پڕوپاگەندەی دوور لە ڕاستی بهینرێت) (محمدی، ١٣٩٠، ١٥٦)، پیرەمێردی شاعیر، لە شیعرەکانیدا هونەری (جوانی بایس)ی بەکارهێناوە بۆ جوانکردنی زیاتری شیعرەکانی، کە لە خوارەوە ئاماژە بەچەندنموونەیەکی شیعرەکانی دەکەین.

**گوڵە بەڕۆژە عاشقی تەواوە**

**ئەسووڕێتەوە ڕوو لە هەتاوە** (هاوار، ٢٠٠٧، ١٣١)

شاعیر لەم دێرە شیعرەدا باسی گوڵە بەڕۆژەدەکات و دەڵێت: گوڵە بەرۆژە بۆیە هەمیشە ڕوو لە ڕۆژە(هەتاو)ە و لەگەڵیدا دەسووڕێتەوە، چونکە عاشقیەتی وعاشقی تەواویەتی، عاشقی تەواو و ڕاستەقینەش ئەم جۆرەکارانە دەکات، بەڵام ئەمە ڕاستەقینە نیەو هەڵبەستراوە، چونکە گوڵە بەڕۆژە لەبەر ئەم هۆیە نییە کە ڕووەو خۆرە، بەڵکو سروشتی ژیانی ئەمجۆرە گوڵە وەهایەو خوای گەورە بەم شێوەیە ژیانی بۆ ڕێکخستووە، ئەمەش هونەری جوانی بایسە.

### 11-2 : گردکردنەوە (العقد) :

ئەمەش یەکێکە لەهونەرەکانی جوانکاری واتایی، لەم جۆرە هونەرەدا پەخشان دەکرێت بەشیعر ودەبێت زۆربەی وشەو ماناکان بەتەواوی وەربگیرێت، بەڵام دەکرێت بۆ پێویستی ڕێکخستنی کێش و سەروا شاعیر لە شیعرە نوێیەکەیدا کەدایدەڕێژێت هەندێک وشەو دەربرین بۆ وشەو دەربڕینەکانی پەخشانە بنچینەییەکە زیاد بکات، چونکە مانا ناگۆڕێت تەنها پێویستی شیعرییە، زانایان و شارەزایانی ئەم بوارە سەبارەت بە گردکردنەوە دواون و پێناسەیان کردووە، لەوانە: (التفتازانی)لە پێناسەی گردکردنەوەدا دەڵێت: (ئەوەیە، پەخشان بکرێتە شیعر، بەڵام بەرێگەی لێوەرگرتن نەبێت) (التفتازانی،٢٠٠٤، ٩٢)، گردکردنەوە ((ئەوەیە، پەخشان بەتەواوی وشەکانی، یان بەبڕێکی زۆری وشەکانی لەلایەن شاعیرەوە وەربگیرێت و بە داڕشتنێکی نوێ بکرێتە شیعر، کەلەمەدا شاعیر بۆی هەیە لە وشەکانی پەخشانەکە زیاد، یان کەم بکات، بەڵام دەبێ واتا هەمان واتا بێت)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ٣٦٢) بۆنموونە":

**سوحبەتی نادان تاڵ ڕابواردنە**

**لەدوای کەر ڕۆیین تەرس بۆن کردنە** (هاوار،٢٠٠٧، ١٩٩)

لە نیوەدێری دووەم (لە دوای کەر ڕۆیین تەرس بۆنکردنە)، ئەم قسەیە لەو پەندەی پێشینانە گردکراوەتەوە، کەمەبەستی پەندەکە ئەوەیە، (ئەوەی لەدوای کەرێ بڕوات، هەر تەرس بۆنکردنی بۆ دەمێنێتەوە)، شاعیر ئەو پارچە پەخشانەی گردکردۆتەوەو بەم جۆرە پوختەکەی خستۆتە نێو دێرە شیعرەکەی لە ژمارەی وشەکانی کەمکردۆتەوە، بەڵام پاریزگاری لە واتاکەی کردووە(عەبدوڵڵا، 2007، 291)، بەگوێرەی ئەو پارچە پەخشانەی کە شاعیر هەڵیدەبژێرێ ولە شیعرێکدا گردی دەکاتەوە، دەکریت هونەری گردکردنەوە بۆچەندجۆرێکی جیاواز دابەشبکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

#### 1-11-2 : گردکردنەوەی پەندێکی پێشینان:

**ئاگری درۆزن ساتێک گڕ دەگرێ**

**بەڕە هەر لەلای تەنکی دەدڕێ** (هاوار،٢٠٠٧، ٢٠٠)

ئەو پەندە لەوە گردکراوەتەوە، کە دەڵێت: (مرۆڤ لەکاتی هەژاری و نەبوونیدا توشی زیان و لێقەومان دەبێت) شاعیر هەمان مانای بە پوختکراوی خستۆتە نێو دێرەشیعرەکەی، بەمجۆرە هونەری گردکردنەوەی ئەنجامداوە.

### 2-11-2 : گردکردنەوە بەحاڵەتێک، یان بەرووداوێکی واقیعی یان مێژوویی :

لەشەڕی جیهانی دووەمدا کاتێک ژاپۆنیەکان لەناکاو چوونەتە ناو شەڕەوە، دژی بەرەی سوێندخۆرەکان و هاوکاری نازییەکانی ئەڵمان و فاشستیەکانی ئیتالیایان کردووە، پیرەمێردی شاعیر لەمارتی ساڵی ١٩٤٢ دا بەو بۆنەیەوە، ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی وتووە ، کە پەندێکی پەخشانەو بەهۆنراوە رێکی خستووە. (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٠٢-٢٠٣)

زستانی ئەمساڵ ئێجگار سەخت وساردو سۆڵە
پیرێژن وپیرەمێردی کرد بەگڵۆڵە
کەوتینە سووتاندنی گوێسوانەو کەمۆڵە
سەراپای جیهان ئەبریقێتەوە سەهۆڵە
چاڵە بەفرەکان هەر لە خۆوە پڕ بوونەوە
چلوورە بەسەر گوێسوانەدا شۆڕ بوونەوە
ئێمە زۆرتر لە بورجی پیرێژن ئەترسین
ئەویش هات و، تێپەڕی کرد ڕۆی وخەڵەستین
خۆشی خۆشیمان بوو دەمانوت کە بەهارە
ئیتر دەمی بۆس وکەناری جۆیبارە
کەچی فەلەک لەناکاو لێمان بە قینا چوو
ئاوات و خۆشی بەهارما ئاڵۆزکاو تێکچوو
چڵکە هەوریک لەوپەڕی شەرقەوە پەیدابوو
برووسکەی دا یأجوج ومأجوج بەیەکدا چوو
سەنغافورەی سووتان هەموو جاوەی هەڵقرچان
بەڵام زۆری پێ نەچوو زرمەیان لێ هەڵسان
هەوریان پارچە پارچە کردو ترسیان لەناوبرد
هەموو یأجوج ومأجوجیان تەفرو توونا کرد
ئێمەش لە شوین خۆمان وەکو بەرزەکی بانان
ڕزگارمان بوو وەک نەبامان دیبێ و نەباران

### 3-11-2 : گردکردنەوەی حەکایەتیکی فۆلکلۆری، یان میللی، یان هەر پارچە پەخشانێکی تر.

یەکێکی تر لەو جۆرە شیعرانەی کە پیرەمێرد گرنگی پێداوەو شیعری لەبارەیەوە نووسیوە، چیرۆکەشیعرە، لەیەکێک لەشیعرەکانی کە شیعریکی تارادەیەک درێژەو نووسیویەتی بەناوی (گاڵتەی بەڕاست)، کە چیرۆکە شیعرێکە لە چیرۆکێکی (مەلای مەشهوور)ەوە وەرگیراوە، شاعیر حەکایەتەکەی هێناوەو بە شیعر گردی کردۆتەوە، هەوڵیداوە زیاتریشی بخاتە سەر بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خۆی بەباشی بپێکێت، ئەویش ئەوحکایەتە بەناوبانگەی مەلای مەشهوورە، کە (ڕۆژێکیان بەرەو بازار چووەو پێنج کەری پێبووە، دوای ئەوەی لە ریگادا ماندوو دەبیت سواری پشتی یەکیک لەکەرەکان دەبێت، پاشان بەدەم ڕێگاوە لەسەرپشتی کەرەکەی، هەڵدەستێ بە ژماردنی کەرەکان دەبینی چواریان ماون، دابەزی و لە پشت کەری پێنجەم رۆیشت، ئاوڕی پشتەوەی دایەوە هیچ کەری نەدیت، هاتەوە پێش کەری پێنجەم و دیسان کەرەکانی ژمارد، بینی هەر چوارن، چووە پشت کەری پێنجەم ژماردنیەوە، ئەوجارە بینی پێنجن، دڵی بەمە خۆشبوو دیسان سواری پشتی کەرێکیان بوەوە، دیسان پاش کەمێکی تر کەرەکانی ژماردنەوە، دیسان بینی چوار کەرن، بۆیە لە ڕێگا هەر دەی ژماردن و دەیژماردنەوە، هەر چوار دەردەچوون، تا لە ریگادا کەوتە بەرچاوی برادەرێکی، پێی گووت هائەوە چییە مەلا ؟! ئەویش گووتی: کە لەماڵەوە دەرچووم پێنج کەرم پێبوو، پاش ماوەیەک بوون بە چوار، پاشی کەمێک بوونەوە پێنج، ئێستا کە سەیریان دەکەم دیسان

بوونەتەوە چوار! مەلا کەرەکانی بۆ برادەرەکەی ژمارد، ئەوە یەک، دوو، سێ، چوار.. ئەدی کوا ئەوەکەی تر؟! ئینجا برادەرەکەی پێی گووت: مەلا ئەتو لەسەر پێنجەمیانی، لەبیرت چووە، ئەوەی ژێر خۆت بژمێری)(عەبدوڵلا، 2007، 295) ئەوەش شیعرەکەی شاعیرە کە گردی کردۆتەوە لەسەر ئەم حکایەتە بەناونیشانی **(گاڵتەی بەڕاست)** (هاوار،٢٠٠٧، ٣٧٠-٣٧٢)

خدر بووپیاوی حەسەن ئەفەندی
کەس پێی نەئەوت کەرت بەچەندی
کوێخا دەرگا بوو جێی خواجا نشین
فەرەنجی پۆش بوو زستان وهاوین
ڕەنجبەری مالیک ڕۆژێک نەخۆش کەوت
ناچار ئەو ڕۆژە بێگاری بەرکەوت
پێنج کەری ئەبرد بۆ دێی کەڵەکن
کەلەسەر خەرمان کای بۆ دابگرن
لەڕێ خۆی سواری یەکێکیان ببوو
کە ئەیژماردن هەر چواریان مابوو
وتی: ئای خۆمن پێنج کەرم پێ بوو!!
وا چواریان دیارە ئەوی تر کوێ چوو
روانی بۆ دواوە، هیچ دیار نەبوو
گەڕایەوە لای کەران زوو بەزوو
کە تەماشای کرد پێنج کەر تەواوە
لەم فەن و فێڵە سەری سوڕماوە
زۆر ماندوو ببو دیسان سوار بووەوە
لەبەرەو ژێرە سەرەو خوار بۆوە
دیسان کە ڕوانی هەر چواریان ماوە
گریا وتی: من چیم لێ قەوماوە
خۆی خستە خوارێ بەدوعاو نزا
ئەپاڕایەوە لە بارەگای خوا
دوعای گیرا بوو ڕوانی کەر پێنجە
ڕزگاری ببو لەم دەردو ڕەنجە
ئیتر نەیتوانی بڕوات بە پێیان
خۆی هەڵدایە سەر کەرێکی تریان
دووبارە بەزمی لێ هاتەوە دی
وتی: ئەمجارە کەرە گورگ خواردی
هەروا لێی خوڕی گەیە نیوەڕێ
بەرەو پیری هات خلەی کوێخا دێ
بانگی کرد: کوێخا لە دەورت گەڕێم
لەکوێ خوا وا تۆی هێنایە سەر ڕێم
ئەمڕۆ جنۆکە گاڵتەم پێ ئەکەن
جاری کەرێکم ئەدزن و ئەیبەن

وتـــــــــی: خـــــــدر ئـــاغـــــا چـەند کەرت پێ بوو؟
چـەنـــدەیـــان مــــاون و چــــەنــــدت لــەکــیس چـــوو؟
وتـــــی: پێـنج کـــــــەرم هـێـــنـــاوو لــــەشـــار
کـــــەئــــــەیـــــــژمــــێـــرم هـــاتـــۆتـە سـەر چـوار
کـــــوێـــــخــــــا تــــێـگـەیـشـت کە گونی و گێزەر
لـــــــێـــــک ناکــــاتـــەوە کــــابـــــرای قـــور بـەســەر
ئـــــــەو کـــەرەی کـــــــــەوا خــــــۆی ســـــواری بووە
چـــــونـــکـــــە نـــایبینێ لـــــەبــــیــــری چـــووە
وتـــــــــــی : دابــــــــەزە هـــــــــەی بـەنـدەی بێ غەش
پـێـــنـجــــــی بــــــۆ ژمـــارد خــــــۆشـــــی کـرد بەش

## 12-2 : پـەنـد بێژی (أرســال المـثل) :

مـوختـارعەتییە، لـەبـاسـی پەند بێژیدا دەڵێت: (ئەوەیە شاعیر لە بەشێکی دێرەشیعـرەکـەیدا شتێک بێنێ، وەکو پەند وابێت، جۆرێک لەدانایی لەخۆ بگریت) (عطية،٢٠٠٤، ١٠٣)، پەنـدبـێـژی یەکـێـکی تـرە لەهونەرەکانی جوانکاری ((جۆرێکی چاکی جوانکارییە، بریتییە لەوەی شاعیر لە هـەندێ لە دێرەکانی خۆی شتێک بێنێ وەکو پەند وابێ، جا دانایی بێ، یان وەسف بێ، یـان هـەرشـتێکی بێجگەی ئەوانەش بێ لەوانەی دەکرێ وەکو پەند وەربگیرێن)) (عەبدوڵڵا،٢٠١١، ٣٤٩)، کەواتە پەندبێژی ئەوەیە، کـە شـاعـیر لـە دێـرە شیعرەکەیدا قسـەیـەکی پەند ئاسا یان قسەیەکی نەستەق دێنێتەوە، کە لـە پـەنـد، یـان قسـەی نەستەق یان لە کەسێکی تری وەرنەگرتبێت، چونکە ئەگەر لە کەسێکی تری وەرگـرتبێت ئـەوە نـابێتە (پـەند بێژی) بەڵکو هەروەک هونەری (تێکهەڵکێش)، یان (لێوەرگرتن) سەیر دەکرێت، پێویستە ئەو پەندەی وەری دەگرێت، لەئەنجامی ئەزموونی ژیان وبەسەرهاتی خۆی پێی گەیشتبێ و وەریگرتبێ، کە پێویستە هەریەک لەم دێرەشیعرانەی وەریگرتووە، تەنها یەکپەند لەخـۆ بـگـرێـت، چـونـکـە ئـەگـەر زیـاتـر لە پەندێـک لەخۆ بگرێت، دەبێتە کۆ پەند نابێتە پەند بیژی، شیعرەکانی پیرەمێردی شاعیر، جگە لەوەی خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە پەندەو کتێبێکی سێ بەرگی بەناوی (پەندەکـانی پیرەمێرد) هـەیە، لە ناو شیعـرەکـانیشی ئـەو جۆرە پەندانە بەرچاودەکەون، کە شاعیر لە ئەنجامی سروشت و واقیعی ڕۆژگارو ئەو چەرمەسەرییانەی بینیویەتی وەریگرتوون، بۆ یە هەگبەی پیرەمـێردی شاعیر لـەم جۆرە شیعرانە هەگبەیەکی دەوڵەمەندەو جێگەی ئاماژەبۆکردنە. بۆنـموونە:

خـۆی پێوا وتی : بـاڵا شـەش گـەزم
سـەیـرمکـەن ئـەزم وا هــەڵـدەبەزم (هاوار، ٢٠٠٧، ٢٠٤)

لەم دێرە شیـعرەدا شاعیر باسی ئەو کەسانە دەکات کە لەناکاو بەهۆیەک لەهۆیەکانی ژیان هەندێک دارایی و پـارەی دەستکەوتووە، یان پۆستێکی کارگێری لە دەسەڵات وەرگرتووە، خۆی لێدەگۆڕێ و سەیری خۆی دەکات، وەک ئـەوەی لـە سێبەرەکەی بڕوانی، دەڵێت: (باڵا شـەش گـەزم) سەیرمکەن واهـەڵـدەبـەزم، شـاعیر ئەم پەندەی لە ئەنجامی واقیعی ژیان و ئەو خەڵکەی لە قۆناغە جیاوازەکان بینیتی لە چ بارودۆخێکدا بوونەو کاتێکی تر کە ژیانیان گۆڕاوە، چۆن لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆیان هەڵسوکەوتیانکردووە، شاعیر دەیەوێت بڵـێت مرۆڤەکـان نابێت بەهۆی دەستکەوتنی پۆست و پارە لە هـیچ بارودۆخـێکدا لە خۆیان بگـۆڕێـن، پێویستە لەهەموو کاتێکدا کوڕی ئەو ڕۆژانبن کە لەگەڵ دەوروبەرەکەیان ژیاون.

## 13-2 : کـۆپـەند (ارسال المـثلين) :

کۆپەند هـونەرێکی تری جوانکاری واتـاییە، بەهـەمانشێوە شارەزایان و زانایانی بواری ڕەوانبێژی قسـەیـان لەسەرکـردووە، موختار عەتییە لەپێناسـەی (کـۆپەند)دا دەڵـێت: (کۆکردنەوەی دوو پەندە لەیـەک دێرە شیعـردا).(عطية، ٢٠٠٤، ١٠٤)، دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵاش دەڵێت: ((بریتیە لە لە کۆکردنەوەی دوو پەند، لەوانەی بەری ئەزموونی شاعیرن، لە

سنووری دێرە شیعرێکدا))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ ، ٣٥١)) کەواتە: (کۆپەند)، بریتیە لەوەی کە شاعیر لە دێرە شیعرێکدا دوو پەند بەیەکەوە کۆبکاتەوە، کە لە ئەنجامی واقیع و بەسەرهاتەکانی ژیانی بەرچاوی کەوتوون.

**چاو کە دەردی دووری تێکەوت، ئارەزووی گریان ئەکا**

**نیوە مـوویـەکـیش کـە کەوتـە چـاوەوە هەر ژان ئەکا** (هاوار،٢٠٠٧، ١٩٤)

نیوە دێری یەکەم (چاو کە دەردی دووری تێکەوت ئارەزووی گریان ئەکا)، هەروەها لە نیوەدیری دووەمیش، کە دەڵێت: (نیوە موویەکیش کە کەوتە چاوەوە هەرژان ئەکا)، هەردوکیان دوو پەندی جوانی بەری ئەزموونەکانی شاعیرن، کە لەسەر ژاو گوتوویەتی، کە لەواقعی ژیان هەڵێهێنجاون، و کۆپەندی پێ دروستکردوون.

## 14-2 : داماڵین/ رووتەوە کردن (الـتجـرید) :

ڕووتەوەکردن یان تەجرید لە (التجـریـد)ی عەرەبییەوە هاتووە ((بریتییە لەوەی لە شتێکی خاوەن سیـفـەت شتێکـی دیـکـەی وەکـو خـۆی دەربـهێـنرێ، بۆ ئـەوەی بـەتـەواوی موبـالـەغـە لەبارەی لـێدەرهـێنراودا بکـات، بەشێوەیەک وای لێ بخوێندرێتەوە، کە ئەو سیفەتە دەرهێنراوە بوەتە ئەصڵ و دەشێ وەسفکراوێکی دیکەی وەکو خۆی لەو سیفەتەوە لێ دەربهێنرێ)) (عەبدوڵڵا ،٢٠١١، ٣٣٥)، مەلا عەبدولکەریمی مودرسیش لە پێناسەی (تەجرید)دا دەڵێت: ((ئەوەیە لە شتێ کە سیفەتێکی هەبێ شتێکی تری وەک خۆی هەڵککرێنی جا بە تەعریفکردن بێ یان زەمکردن)) .(مدرس،١٩٩١، ١٩)، کەواتە: تەجرید، ئەوەیە شاعیر وەسفکراوێکی وەکوخۆی لەو سیفەتەوە دەربهێنی، بە پێداگووتن یان بەزەمکردن بێ. بۆنموونە:

**گـیانە بەسیەتی، گـیانە بەسیـەتی**

**توخوا بەسیەتی دەردو مـەینـەتـی**

**هەر هێندە دەبێ تووشی ونەگبەتی**

**قـنـیـاتـم تـەنـها ژاراوی پـەتـی** (هاوار،٢٠٠٧، ١٨٤)

لێرەدا، لێدەرهێنراوەکە دیارە خودی شاعیر خۆیەتی، باس لەدەرهێنراودەکات کەگیانیەتی ولە جیاتی خۆی کارەکان ئەنجامدەدات، هەموو وتەکانی ئاراستەی(گیان)ەکەی کردووە، وەکو ئەوەی شتێکی جیایەوخۆی نیە، بەمجۆرە ئەم هونەرەی بەرهەمهێناوە.

## ئـەنجام

1-جوانکاری یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ڕەوانبێژی، جوانکاری واتایی، گرنگی بە جوانکردنی واتا دەدات، وشەکان لەڕووی داڕشتن و دەربڕینەوە جوان و ڕازاوە دەکات .

2-لە جوانکاری واتاییدا، بەکارهێنانی زۆرترین هونەری (دژیەک) بەرچاودەکەوێت، بەجۆرێک لە (دژیەکی فەرهەنگی)دا، (10)دە جۆرو لە (دژیەکی نافەرهەنگی)دا، (6) شەش جۆری لێ بەکارهێناون لەگەڵ ئەمجۆرانەدا بەشێوازی جیاواز نموونەی زیاتریش بەرچاودەکەون، لەچەند هونەرێکی تریش بە هەمانشێوە، لە هونەری تێلنیشان (9) نۆ، کۆکردنەوە(5) پێنج، بەرامبەری (3)سێ، گردکردنەوە (3) سێ، پێچەو پەخشە (2)دوو، جۆر بەکارهاتوون

3-پیرەمێردی شاعیر یەکێک بووە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کە ئاشنایەتی بەڕووداوە مێژووییەکان وقسەی سەر زاری خەڵک بەهۆی تێکەڵاوییان لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەبووە، هەروەها یەکێک بووە، زاراوەی نوێ وشارستانیەتی لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ئاشنای میللەتی کورد کردووە، وەک وشەی (ترین) کەمەبەستی شەمەندەفەرە...هتد .

4- بەهۆی بەکارهێنانی هونەرەکانی جوانکاری لەلایەن شاعیرەوە لە شیعرەکانیدا، زیاتر لای خوێنەران بەرجەستەن و خوێنەر زیاتر حەز بە خوێندنەوەیان دەکات.

### لـــيـستی سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز.

فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ).

### یـەکەم/ کتێب بە زمانی کوردی

#### أ-کتێبەکان

- ئەمین، برهان محمد، (2001)تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی رۆشنبیری لە سلێمانی – هەولێر .
- دزەیی، پ.د. عبدالواحد مشیر، (2015)، پراگماتیک و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر .
- سەجادی، عەلائەدین، (1971)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا .
- سەجادی، عەلائەدین، (1978)، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا .
- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس، (2011)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی وحاجی قادری کۆیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس، (2012)، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس، (2018)، هونەرەکانی ڕەوانبێژی کوردی بەنموونەی وتارەکانی مامۆستا سەید ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر
- گەردی، عەزیز، (1975)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم(جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی هەولێر .
- گەردی، د. ژوان عبدالسلام عەزیز، (2022)، شێوازناسی ئەدەب، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر .
- مدرس، مەلا عبدالکریم، (1991)، بەدیع و عەروزی نامی، چاپخانەی(دار الجاحظ)، بەغدا .
- محەمەدئەمین، زەکیە ڕەشید،(2011)، کۆمەڵێک پەندوئیدیۆمی کوردی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی .

#### ب- دیوانەکان:

- هاوار، محەمەد ڕەسول، (2007)، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .
- هۆشیار، فایق وئەوانی تر، (2010)، سەرجەم دیوانی پیرەمێرد،بەرگی(1،2،3)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- هۆشیار، فایق وئەوانی تر، (2007)، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

#### د – فەرهەنگ:

- هەژار، عبدالرحمن شەرەف کەندی، (1991)، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی، چاپی یەکەم ، سروش، تهران.

#### ج- نامەی ئەکادیمی

-عبدالرحمان، عەبدولسلام سالار، (2000)، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

### دووەم/ بە زمانی عەرەبی:

-الهاشمی، السید أحمد، (2019)، جواهر البلاغه في المعاني والبیان والبدیع، صدرت هذه النسخه عن مؤسسة هنداوی .
- التفتازاني، سعدالدین مسعود بن عمر(1425هـ – 2004م)، المطول شرح تلخیص المفتاح، صحة و علق: أحمد عزو عنایة، الطبعة الأولی ، دارأحیاء التراث العربي،بیروت- لبنان.
- زاید، د. عبدالرزاق أبو زید، (1976)، کتاب سر الفصاحة لإبن سنان الخفاجی، مکتب الإنجلوا المصریة، القاهرة .
- عتیق، د. عمر، (2016)، معجم مصطلحات علم البلاغة، الطبعة الاولی، دار أسامه للنشر والتوزیع، الاردن – عمان .
- عتیق، د. عبدالعزیز، (1405هـ -1985م)، في البلاغه العربیة(علم البدیع)، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر .
- عباس، د.فضل حسن، (1424هـ – 2004م)، البلاغة فنونها وأفنانها، (علم البیان والبدیع)، الطبعة التاسعة، دار الفرقان للنشر والتوزیع، عمان
- الاردن – السکاکی، أبی یعقوب یوسف بن محمد بن علی، (2011)، مفتاح العلوم، حقق وقدم: د. عبدالحمید هنداوی، الطبعة الثانیة، دار الکتب العلمیة ، بیروت ، لبنان .
- فیود، د.بسیونی عبدالفتاح، (1429هـ -2008م)، علم البدیع (دراسة تأریخیة وفنیة لأصول البلاغة والمسائل البدیع)، الطبعة الثانیة، مؤسسة المختارللنشر والتوزیع، القاهرة .
- المصری، أبي الفضل جمال الدین محمد بن مکرم ابن منظور الافریقی، (2004)، لسان العرب، الجزء الثانی، الطبعة الثالثة، دارصاد، بیروت
- القزوینی، جلال الدین محمد بن عبدالرحمن،(1424هـ- 2004م)، الإیضاع فی علوم البلاغة، المکتبة العصریة للطباعة والنشر، دار النموذجیة، صیدا، بیروت .
- حسین، د.عبدالقادر، (2008)، فن البدیع ، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع، قاهرة-مصر .

**سـێیەم/ كتێب بە زمانی فارسی :**

- محمدی، د.محمد حسین، (1390)، بلاغت، (معانی، بیان ،بدیع)، چاپ دوم، انتشارات، زوار، تهران .
- هـمایی، جلال الدین، (1386)، فنون بلاغت و صناعات ادبی، چاپ بیست و ششم، مؤسسة نشرهما، تهران.
- نـژاد، د. کامل أحمد، (1382)، فنون أدبی (عروض، قافیه، بیان، بدیع)، چاپ چهارەم، أنتشارات پایا، تهران .

**فنون الجماليه الدلالية في قصائد پیرەمێرد**

**سمير عبدالرحمان طاهر**
قسم اللغة الكورديه،كلية التربية الأساس،جامعة صلاح الدين–
أربيل،إقليم كوردستان، العراق
Sameer.taher@su.edu.krd

**بـكر شاكر عبدالله**
قسم اللغة الكورديه،كلية التربية الأساس،جامعة صلاح الدين–
أربيل،إقليم كوردستان، العراق
bakir.abdullah@su.edu.krd

**الملخص**

يعتبرالشاعر (پيرەميرد) أحد أشهر الشعراء المشهورين فی الأدب الكردي، وكان يتمتع بخبرة ومعرفة الكبيرة بالعلوم البلاغية، بما فيها (العلوم الجمالية)، لذلك فأن أبراز هذا الشاعر وأظهار أعماله سبب وجيه لأظهار مواهبه بشكل أكبر، خاصة في مجال علم البلاغة، الذي كان له اليد العليا كما يتجلى ذلك فی قصائده.

هذا البحث بعنوان (الفنون الجمالية الدلالية في قصائد پیرەمێرد)، يعمل على الفنون الجمالية الدلالية في قصائد الشاعر پیرەمێرد، حيث يهتم هذا النوع من الفنون بتزيين معانی الكلمات والنصوص الشعرية. وتكون قصائد الشاعر على مستوى فنی رفيع وملیئة بالفنون الجمالية البلاغية، خاصة (الفنون الجمالية) الموجودة فی النصوص الشاعر.

يتكون هذا البحث من المبحثين، في المبحث الأول تناول: (مفهوم الجماليات وتعريفها من الناحيتين الحرفية والأصطلاحية)، وفي المبحث الثاني تناولنا (الفنون الجماليات الدلالية)، مثل: ( الطباق، المقابلة، العكس، تلميع، الجمع، التفريق، التقسيم، الجمع مع التقسيم، اللف والنشر ،حسن التعليل، العقد، أرسال المثل، أرسال المثلين، التجريد )وبالاضابة الى مجموعة من الاستنتاجات التي تم الاستخلاس منها و قائمة من المصادر والمراجع التي تم الاستفادة منها .

الكلمات المفتاحيية: پیرەمێرد – العلوم الجمالية– الجماليات الدلالية .

**The Arts of Semantic Aesthetics in the Poems of (Pire Merd)**

**Sameer Abdulrahman Taher**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sameer.taher@su.edu.krd

**Bakir Shakir Abdullah**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
bakir.abdullah@su.edu.krd

**Abstract**

Pire Merd is one of the poets in Kurdish literature who possessed profound expertise and familiarity with the sciences of stylistics, including (Aesthetics Science). Therefore, studying this poet and analyzing his works serves as an effective means to further illuminate his contributions, particularly in the field of stylistics, where he demonstrated exceptional mastery, as reflected in his poetry.

This research, titled "The Arts of Semantic Aesthetics in the Poems of Pere Merd", focuses on the artistic elements of semantic aesthetics in Pîrê Mêrd’s poetry, “ semantic aesthetics “. This type of semantic aesthetics emphasizes the elegance of meaning , making the words smooth and eloquent in terms of structure and expression.

The poet’s works stand at a high artistic level and are rich in stylistic and aesthetic techniques, particularly (the arts of aesthetics), which are evident and prominent within his texts.

This study is divided into two parts. The first section discusses the concept and definition of "anesthetics" from both lexical and idiomatic perspectives. The second section examines the "semantic aesthetic" techniques" present in Pîrê Mêrd’s poetry, such as: " ( Enemy , against , replacement , sign , gathering , collecting , dividing , gathering and collecting , intricate , revisting , counselor , moral lesson , removal .) . Finally, the conclusions are summarized through key points, followed by a separate list of references utilized, thereby concluding the discussion.

**Key words:** Pire Merd - Aesthetics Science -Semantics aesthetic